نوێژکردن وئەوەی خاوەندارین لە دەستی ڕاستاندا، نوێژکردن وئەوەی خاوەندارین لە دەستی ڕاستاندا

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گرنگترین وەسیەتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی سەرەمەرگیدا بریتی بوو لە: «نوێژکردن وئەوەی خاوەندارین لە دەستی ڕاستاندا، نوێژکردن وئەوەی خاوەندارین لە دەستی ڕاستاندا»، هەتاوەکو پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سینگی دەنگی خوڕەخوڕی لێوە دەهات لە وتنیدا، وچیتر نەیدەتوانی بە زمانی ئەم وشانە بڵێت.

[سەحیح - ڕاست)] [رواه النسائي في السنن الكبرى وابن ماجه]

زۆربەی وەسیەت وئامۆژگاریەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئومەتەکەی لەکاتی سەرەمەرگیدا بریتی بوو لە: پابەند بن بە نوێژ وبەردەوام بن لەسەریان وبیانپارێزن ولێیان بێ ئاگا مەبن، هەروەها مافی مولّکی دەستی ڕاستتان بدەن لە بەندە وکەنیزەك وبە نەرمونیانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، هێشتا ئەم وەسیەتانەی دووبارە دەکردەوە هەتاوەکو قوڕگی دەنگی خوڕەخوڕی لێوە دەهات، وچیتر نەیدەتوانی بە ڕوونی بە زمانی بیڵێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66359